# لەگەڵ خۆمان ڕاست بین!

**دەریا هەرگیز جیرانی خۆی ناناسێ و**
**حکومڕانیش دۆست!!**
**ئەی من بۆچیمە خاکێک نەمبێ ژینێک تێیدا،**
**بۆچیمە سەرکردەو حکومەتێک لە خۆیم نەزانێت!**

**ئەحمەد بەهرامی**

کاک بەهمەنی عەلییار لە وەڵام بە ڕاگەیاندنی(١٠٠)کەسیدا، لەسەر دەربڕینی نارەزاییەتی ئەم جەمعە بەوە، کە بەناوی کۆمەڵەوە دەکرێ لەناو مقەڕ و بارەگاکانی حیزبی کۆمەڵە لەم دووساڵەدا. کاک بەهمەن شەلم کوێرم ناپارێزم داوییەتە بەر!!

حەتمەن کاک بەهمەن باش دەزانێ، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانە٩٩٪دەرسەدی ئەوانە کەم یا زۆر خزمەتیان بەچەپ لەکوردستان کردوە. چ کەم وکورییەکیان هەیەو بووە، جێگەی باس نییە وکەسیش ناتوانێ بەمە مەحکومیان بکات. دەبێ ڕێز لە ئەوە بگیرێ کردویانە. یان ئەودەستەی لەگەڵ هیچ لایەک نین ونەبوونە پاشکۆی سیاسەتی بێهاوسار، نەبوونە هێزی گوێ لەمست! لەبەر ئەوە هیچ کام لەئێوەی بەناو کۆمەڵە و یەک بوونی کۆمەڵە قەبووڵ نییە. ئەوانە بەم ناوەوە دەستیان بەتێکۆشانکرد، **کە کاک فوئاد کوتی: ڕۆژی توانەوەی سەهۆڵبەندانی زۆردارانە، ڕۆژی ڕەستاخیزی زەحمەتکێشانە، هاوڕێیان باخۆر بجوڵێنین...** هەموومان دەزانین کە ڕەوتی کۆمەڵە بەوەوە پێیگرت.بووە بەرەی چەپ لەکوردستان قورس ونبقایم لە موقابیلی هەموو دواکەوتوویەک، هەنگاوبەهەنگاو لەمپەرەکانی پێش خۆی بڕی. لەڕووی زۆرو دواکەوتویدا ڕاوەستا، ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستانی گۆڕییە سەر ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی حەقیقی خۆی. چینە چەوساوەکانی بەدنیای واقیع و لێپرسینەوە لەماف وکەڕامەتی خۆیان ئاگادارکردەوە. ژنانی کوردستانی لەژێر چەتری کۆنەپەرستی دەرهێنا،شیربای وئینسان فرۆشی هەڵوەشاندەوە،بزووتنەوە نافەرمانییەکانی دامەزراند، سەدان سوننەتی جێخستن کە بوونە چقڵی چاوی بزووتنەوە دواکەوتووەکان لەکوردستان.

ئەگەر سەرکردەو دەستەوتاقمی مەحفەلی بەدەسەلات، ڕەوتی کۆمەڵەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەتووپارکرد!! ئەوە بوو برێک لە ئێمە لەژێر هەرەسی تۆمەت و تەحقیر و لۆمەی هەردووک لادا، بەرەوپیری یەکریزی کۆمەڵە چووین، پاراینەوە! ئەمڕۆژەمان دەدی وتیاچوونی کۆمەڵەمان دەرک کرد. ئەگەر لەتای تەرازووی هیچ مەحفەل و دەستەیەکی کۆمەڵە شەوێندا نین و نەبووین، خۆ لەگەڵ ئازادی و عەداڵەت و ڕەوتی خۆمان ماوین. وەرن با کردەوەکانمان بخەینە بەر دی و قەزاوەت.

کاک بەهمەن لەژێرناوی وەڵام بەم ڕاگەیاندنەدا، هەموو کەسی شێلاوە...شەرپەهەموو کەس دەفرۆشێ و تەنیا خۆی بەبەرهەق دەزانێ!!..توورەیی عەلیار لە وشەبەوشەی نووسراوەکەی دەبارێ...حیزبی کومونیست...ڕەوتی چاکسازی .هەرچی بەناوی کۆمەڵەوە دەناسێندرێتەوە، لەم نووسراوەدا نفرەتی لێدەکرێ و کەسانی سەربەرژیمی ئیسلامی بەخاوەن قسەو ناودار دەزانێ.؟!!

کاک بەهمەنی خۆشەویست ئەمە باسێکی کراوەی سیاسییە، قسە لەسەر بیروباوەرێکی ڕەهایە کەکۆمەڵە لەسەری بونیاد نرا! با زۆر دۆستانە بە یەکەوە بدوێن، هەر وەک هاوڕێ خۆشەویستەکەی جاران(وەک جاران هەر خۆشم دەوێیت،سەرەڕای جیاوازی بیرکردنەوەمان)

با ئاوڕ لەقسە و کردار و پرێنسیپەکانی خۆمان بدەینەوە. خۆمان بخەینە بەر قەزاوەت وهەڵسەنگاندنی کەسانی لەخۆمان تێگەیشتووتر، ئەوانەی لای هیچ کەس ناونووس نەکراون و دڵیان بۆ ئازادی دەسووتێ.. با بەخۆماندا بچینەوە!! ئەوەی تۆ پشتێنت بۆبەستووە، باوەڕ بکە ڕەوتی چەپ و کۆمەڵە لەخۆی ناگرێ... کردارەکانی حیزبی کۆمەڵە، هەڵسوکەوتەکانی، جیهەتە سیاسی و معامەلە ئاشکرا و نهێنییەکانی، دۆستی لەگەڵ کەسانی نامۆو ڕابردووڕەش، ناڕاست بوون لەگەڵ مێژووی خۆتان و سەدان نموونەی تاڵ، ئێوەی لەم ڕەوتە دابڕیوە و بەرەوهەڵدێری خەتەرناک و کوشندەی بردوون. ئەم باسەم هەشت ساڵ لەمەوپێش لەگەڵ کاک عەبدوڵای موهتەدی کردوە. کاتی خۆی و هاوڕێیانە بەکاک عەبدوڵام کوت "کاک عەبدوڵا دارێک کە بۆخۆت ڕیشەکەیت ناناو خاکەوە و سەوز بوو. بەملیون نەمامی لێ سەوز بوو ئێستا مەیبڕە!! بۆپاراستنی کۆمەڵە لەخۆ بووردوی دەوێت! جارێک بەرەو نابوودیت بردین و لێمان قەبوولکردی. ئەمجارە لەگەڵت ناکەین....

کاک بەهمەن لەبیرتە ڕۆژی ١٣٦٨/٦/١٨ نامەکەت بۆ نووسیم لەسەر لاپەڕەی کاغزێکی زەرد و کوتت (ئەحمەد کۆمەڵە لەسەرڕێیانی تیاچووندایە! سەرانی کومونیزمی کارگەری لە کوردستان بە سەرکردەگی کاک عەبدوڵای موهتەدی، کە لە ئوروپاوە هاتۆتەوە بۆ کوردستان، ئێستا کەوتۆتە خۆ بۆ تیابردنیبەرەی کۆمەڵە و داوای لەسەرکار لابردنی تەواوی لایەنگرانی باسەکانی دیفاع لەکۆمەڵە دەکات. ئێستا بۆم کارە کاک عەبدولا مقەربەمقەڕ دەگەڕێ، داوای تۆبەو تەسیلمبوونمان دەکات. تەیفی بەناو کومونیزمی کاریگەری دەهوروژێنێ لەدژمان!! واباشە ئێمەش بۆبەرگری لەکۆمەڵە کارێک بکەین بۆ مەوجودیەتی خۆمان!!)

ئێستاش هەر ئەم دەسکردانەی ئەوکاتەن، خراپترین وشەی ناڕەوا دژی ئێوە بەکاردەبەن. .ئێمە دیفاعمان لەکۆمەڵە کردوە، ڕۆژی خۆی لەڕووی ئەمانەدا قسەمانکرد. برۆ نووسراوەکەی من (لەژێر ناوی بزووتنەوەی کوردستان و کوێخایەکی تازە بخوێنەوە)

ئەوەی دەیبیستی و دێتە سەر ڕێتان، ئەوە تۆویی تووبەرەی سەرکردەکانی حیزبی کۆمەڵەیە، لە پەرێزی خراپ درواوی خۆتانە سەوز دەبێتەوە... ئەوە ئاکامی وجودی دی دو تیئۆرییەکە، هەر لەو زەمانە دژی ڕئیالیزمی کۆمەڵە داڕێژراو بووە خۆرەی گیانی کۆمەڵە... چاوبکەوە کاک بەهمەن!! ئەوەی ئەوکات کرا، ئەوەی ئەمڕۆ دووبارە دەبێتەوە، ئاکامی ئەو سیستمەیە کە کۆمەڵەی والێکرد و بزووتنەوەی سوسیالیستی کۆمەڵەی کوشت. ئەوانەی کۆمەڵەیان ئا بەم ڕۆژە گەیاند، کۆمەڵەیان تەسلیمی شوڤێنیزمی فارس کرد... ئەمە ئاکامی دەسکەوت و سەرەنجامی کارمانە!! با بە دوای ڕیشەی لاوازبوون و پەرت وبڵاوی کۆمەڵەدا بگەڕێن... ئایا شیعارەکانی کۆمەڵە هەو نەبوون؟ ئەوەی ئێمەی بەم ڕۆژە گەیاند، شکست و ناکامی کومونیستی بوو؟ یان حیزبێکی دەرویش ئاسا و خۆش باوەڕ بەسەرکردەی نەزان و معامەلەگەری سیاسیی؟ ئەمانە پرسیارن، لە خۆمان.

کاک بەهمەن با تۆمەت نەخەینە پاڵ یەک!! باهیچمان خۆمان هەڵنەکێشین، خۆمان بەسەر یەکا فەڕزنەکەین، کردەوەی قاتلانی وەک ئەکبەری گەنجیش بەچاوی هاوڕێکانی خۆماندا نەدەینەوە!!

شەرمە بۆ دانەدانەمان ئاوا بەسەر ئاکامەکانماندا دێ!! شەرمە بۆ کەسێک ئازادی خوازی هەدەفییەتی و زۆریش پرمودەعیە... پۆلیس و سەربازی حکومەتی هەرێم نەسیحەتیان بکات و میراتیان بەسەردا دابەشبکات!! شەرمە بۆ ڕەوتێک ئاوا ئاکامی بێ و قسە لە پرێنسیپ وئازادیش بکات...

کاک بەهمەن لەخۆمان نەگۆڕێین و لەسەر ئەرزی واقیع لەگەڵ یەک بدوێن. ئاوڕێک لە کار و کردەوەکانی خۆمان بدەینەوە، بەخۆماندا بچینەوە و دەسەڵاتی کاتی گەوجماننەکات..با مەسئولانە بەرخورد بەخۆمان و عەیبوعارەکانمان بکەین. باشەرم نەمانگرێ لەوەی ڕاستییە بە خەڵکەکەمانی بڵین. شەرم ئەوەیە بەرەی کۆمەڵە فێری درۆو دیپلۆماسی لەگەڵ ژیانی خەڵکی هەژار و بەرەی ئازادی بن...شەرم ئەوەیە کۆمەڵە لەوەی بووە لادا و سازوسەدا بێتە کرداری!!

من لێت دەپرسم، وەک کەسێک لەتۆزیاتر لەڕەوتی هەستانەوەی کۆمەڵە، لەوکاتەی تۆباسی دەکەی بەشداربووم. چ کەسانێک لەکاتی تەنگانەدا، کۆمەڵەیان هەستاندەوە؟ کامانە بوون لەو پاڵەوانانەی تۆ ناویان دەبەی لەو کاتە ڕەشەدا؟ کامانە بوون کە بۆ سەعاتێکیش خۆیان ماندووکرد بۆ هەستانەوەی کۆمەڵە؟ چاو بەناو ڕیزی هەموو سەرکردەکانی حیزبی کۆمەڵەدا بگێڕە، ناویان بەرە. لەکوێ وله کام جەمسەری کۆمەڵە وێستابوون لەوکاتەدا؟ بەغەیری مامعەودەی عەزیمی و تۆش بەناوی بەهمەن دووساڵ (با ڕاستی مێژوو گوم نەبن) بۆئەوەی مەسەلەکەت بۆ ڕووبێتەوە، تکات

لێدەکەم ئەگەر بۆ جارێکیتریش بووە، بچۆ(کتێبی یاخیبوون لەمێژووی کۆمەڵە کارێکی ئاسان نییە) نووسراوەی (ئەحمەدبەهرامی) بخوێنەوە بۆ درۆوڕاستی ئەم مێژووە.
لەو کتێبەدا سەرەڕای هەر کەموو کورییەک کە ببینێت، تاحەدێک ئەوەم بۆ مێژووی دواڕۆژ هێناوەتە سەرکاغەز. کەس ناتوانێی ئەوە بەحیسابی کەسانیتر بنووسێ، یان بیانکاتەمیداڵ بۆ سنگیان... کاک بەهمەن کێ بوون لەو ڕۆژە تاریکانەدا کۆمەڵەیان پاراست؟..تۆ گللەی و ڕەخنەت هەیە..!! ئەی بۆ ناویان نانووسی؟ بۆ ناڵێی کێن وکام لە بنیادەمەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتی ڕەوتی کۆمەڵە بوون، کۆمەڵەیان لەم ڕۆژە کوشندەیە دەربازکرد... ئایا هەر جەمعێکی کەم لە کادرەکان و پۆلێک پێشمەرگەی لەخۆ بووردو نەبوون؟ نەک کەسانی مەوردی ئیشارەی تۆ.
تەواوی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی کۆمەڵە، کە ئێستا خۆتان بەخاوەن و میراتگری کۆمەڵە دەزانن، دەوری موسبەتیان نەبووە لەو کاتەی تۆ مەبەستە. ئەندامی دەفتەری سیاسیتان هەیە لەپایزی ساڵی 1362بەملاوە، هیچ دەوری نەبووە لەکۆمەلەدا، ئەندامی سەرکردایەتیان هەیە، لە ساڵی 1361بەملاوە فڕی بەسەر کۆمەڵەوە نەبوو، خەریکی کاسپی و ژیانی خۆی بووە، یان لافیتەکانی پ. ک. کای بەناوچاوانی خۆیدا دەدا و لەگەڵ ئەوان بووە... چاو بەڕیزی هاوڕێکانی سەرکردایەتی حیزبی کۆمەڵەدا، لەکاتی کۆبوونەوەدا بگێڕە و درۆ و ڕاستی قسەکانی من هەڵسەنگێنە.. مێژووی ساغکردنەوە و هەستانەوەی کۆمەڵە، ئیفتیخاری یەکدانەی ئەوانە نییە، کەتۆ لەموقابیلی ئێمەدا دایاندەنێی.
**کاک بەهمەن دەڵێ:«لەدوای جیایەکانی کومونیزمی کارگەری لە حیزبی ئێمە لەوکاتەدا، ئەوەی لە مقەڕەکان مابوونەوە، پشتێنی زیندووڕاگرتنی کۆمەڵە و حیزبی کومونیستیان بەست. ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو بۆ قەرەوڵی عادیش کێشەمان بوو. ئایا چەند کەس لە ئیمزاکەرانی ئەو بەیانییە بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵە، لەو شەرایتە چارەنووس سازەدا، گەڕانەوە بۆکوردستان و شانتاندا ژێرباری ئەم مەسئولیەتە مێژووییە»**
کاک بەهمەن بۆ پێم ناڵێی چەند دانە لەسەرکردەکانی حیزبی کۆمەڵە، شانیاندا ژێر ئەم بارە مێژووییە؟؟ بە غەیری ئەو دووکەسەی لەسەرەوە ناومبردن؟ کامانە بوون لەو کاتە تاڵەدا هاتنەوە کوردستان، کام پۆستی حیزبیان گرتەدەست، چیانکرد بۆهەستانەوەی کۆمەڵە؟؟ ڕەنگە تۆ مەبەستت ئەو مێژووە بێت، کە سەرکردایەتی حیزبی کۆمەڵە، لە ساڵیدوو هەزاردا کۆمەڵەیان بەجێهێشت و ئێمەش وەڵامی نامان پێکوتن!!
کاک بەهمەن دەزانم تۆ لەیادت نییە و لە کوردستانیش نەمابووی لەوکاتەدا. ئاگات لە تەقەلاکانی مەرکەزییەتی کۆمەڵە نییە و نەبوو! بۆ ئەوە کە کارەکانی کۆمەڵە باش بەڕێوە بچن، بۆ ئەوە هەموو کادر و خاوەن کۆمەڵەییەکان دەخالەتیان لە کارو هەڵسووڕانی کۆمەڵەدا بێت، بۆ قایمکردنەوەی پێگەی کۆمەڵە لەو کاتە دژوارەدا. لەساڵی ١٣٧٥و١٣٧٦دا، کومیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵە، بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵە لە کوردستان، سێ پێشنیاریدا بە سەرکردایەتی حیزبی کومونیست، کە بە دەست کاک عەبدوڵای موهتەدیەوە بوو. بۆئەوە بوو، کە کارەکانی کۆمەڵە باش بەڕێوە بچن، بۆ ئەوە بوو ئەو کەسانەی ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ یەک وچان کاری شەوانە ڕۆژیان دەکرد، پشوو بێتەوە بەریان و ماوەیەک ئیسراحەت بکەن. سەرکردایەتی حیزبی کومونیست هەموو کارەکانی کۆمەڵە لە کوردستان و مقەڕەکان بەدەستەوە بگرن..
پەیامەکە ئاوابوو کە لە لایەن ڕەهبەری کۆمەڵەوە بۆ ڕەهبەری حیزب نێردرا. (بۆڕەهبەری حیزبی کومونیستی ئێران، هاوڕێیان سەرکردایەتی کۆمەڵە داوا دەکات و پێی باشە کە سەرکردایەتی حیزب، تەواوی کارەکانی کۆمەڵە لە کوردستان، لەکاری ڕەوابتی عومومییەوە، تا سەرکردایەتی و سکرتێریی کۆمەڵە، هەموو بەشە جۆربەجۆرەکانی کاری کۆمەڵە بەدەستەوە بگرن. بۆ ئەوە هاوڕێیانی قەدیمی کۆمەڵە کە ژمارەیان کەمە، بۆ ئەوە مەجالیان بێت و بتوانن بۆ حەسانەوە و دابینبوونی ژیانێکی ئاسای، لە وڵاتێک دامەزرێن. ئێوە هاوڕێیانی کومێتەی مەرکەزی حیزبی کومونیستی ئێران، کارەکان بگرنە ئەستۆ کە بە کۆمەڵە لە کوردستان مەربووتە)
سەرکردایەتی حیزبی کومونیست، قەبووڵیان نەکرد؟!! حەتا ئامادە نەبوون وەڵاممان بدەنەوە!! ئەو کاتە خۆم ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بووم، لە ناردنی ئەم پێشنیارەش بۆ سەرەوەی حیزب بووم.
ڕاستی مەسەلەکە ئەوەبوو، کە هیچ کام لەو کەسانەی ئێستا ئەڵقەی ڕهبەری حیزبی کۆمەڵەتان پێکهێناوە، باوەڕتان بەو کارە نەبوو، پێتان وابوو کۆمەڵە لە ئوروپاوە و بە هەڵسووڕانی حیزبی کومونیست هەڵدەستێتەوە. پێتان وابوو

کۆمەڵە بەکاری ئەنترناسوێنالیستی و تیئۆری جیهانی،کە کاک عەبدوڵا لە کۆنگرەی شەشی حیزبی کومونیستدا دایڕشتن، هەڵدەستێتەوە. ئەمە مێژووە و لە ناو بەڵگەنامە ناوخۆییەکانی سەرکردایەتی کۆمەڵەدا هەن.
کەواتە ئەوە قسەیەکی ناهەق و نابەجێیە بەئێمەی دەڵێی. کێ ئامادە بوو لەو شەرایتە دژوارەدا شانبداتە ژێر وێرانەکانی کۆمەڵە؟ ئەوانەی شانیان دا ژێر وێرانەکانی کۆمەڵە دیارن و ئەوانەی نەشبوون لەو کاتەدا هەر دیارن.
**کاک بەهمەن دەنووسێت کە: «ئەوە ئەکبەری گەنجی وکێ وکێ چیانکرد، کادرەکانی فلان حیزب چیانکرد، ئێوە چیتانکردوە.»**
لەبابەت ئەوە کە کادرەکانی کۆمەڵە کەمکاربوون و چوونەوە ناو قاپوغی خۆیان لەدەرەوەی وڵات لەگەڵتم. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە، کە هەرکەس قسەی بوو، ئێوە بەگومانلێکراوی دەزانن. لەگەڵ ئەکبەری گەنجی و کێ وکێ خستنە تای تەرازووەوە، بەکەمتر زانینیان لەپیاوانی ڕژیمی ئیسلامی بێئینسافییە؟ ئاخر کاک بەهمەن دەزانی ئەکبەری گەنجی چکارە بوو؟؟ چ پێشینەیەکی هەیە و بووە!!
جابۆیە دەبێ بە شکەوە بڕوانینە وتەکانی تۆ کاک بەهمەن!!؟ هۆی چییە کە ئێستا دوژمنانی شۆڕش لای کاک بەهمەن و حیزبی کۆمەڵە دیارن؟ بوونە هەوێنی ئازادی و هێمای کەسایەتی سیاسیی و ناسراو. ئەوانە کێن وا ئێستا لە سالۆنەکانی سازمانی سیخوڕی ئەمریکا، بوونە پێناسەی کورد!!! هۆی چییە حیزبی کۆمەڵە پەنا دەباتە بەر ئەم هێز و دەستەوتاقمە نامۆ و دژی ئازادیانە؟!! تۆ دەزانی حیزبی عەرەبی ئەهواز، کە ئێستا ئەندامی کۆنگرەی خەڵکەکانی ئێرانەو شەریکی سیاسی ئێوەن لەو کۆنگرەیەدا، کێن؟ئەوانە بیست وچەندساڵ لەمەوبەر دەوڵەتی بەعسی ئێراق، دایمەزراند دژی ڕژیمی ئێران، ئێراق زۆری بۆکۆمەڵە هێنا، کە ئەمانە بەرەسمی بناسێ، بەڵام کۆمەڵە وەڵامی ددانشکێنی بە ڕژیمی ئێراقداوەو ئەوانەی هەرگیز قەبوولنەکردن. بێ بناغەترین جەریانی ئازەریتان لای سەرووی خۆتان خستووە و نەزمی ئەفشار دەمڕاستیە. سوژدە بۆکوڕی شا دەبەن!! کوڕنێش بۆ بنی سەردر و ئەکسەریەت دەبەن!! ئێوە پشتان لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان کردوە و ڕووتان لە دیکتاتۆریەتی سیاسەتی ئینسان کوژی ئەمریکا کردوە. حیزبی کۆمەڵە دەمێکەیە پشتێنی پشت لەمێژووی خۆی کردنی بەستووە. گوێ لەسروودی ڕەسمی حیزبی کۆمەڵەبگرن، کەهەر زووزوو وەک سروودی ڕەسمی حیزبی کۆمەڵە، لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژهەڵات، لە ڕادیوێکانتان، لەگەڵ وێنەی هاوڕێیانی گیان بەختکردوو بڵاودەبێتەوە... ئەم سرووده ئاوا نووسراوە..
**باپشت لەمێژووی نارەواکەین،**
**ڕوو لەرێگای هەستانەوە کەین..**
پشت لەکام مێژووی نارەوا!!؟ ئەگەر نارەوایە، بۆچی بۆ سەرنج ڕاکێشانی ڕای گشتی، لە هەموو مەراسم و نەمایشەکانتاندا، وێنەی کاک فوئاد و کاک حەمەحیسن دادەنێن!! مەگەر نازانن ئەوان لەسەر کۆمەڵە و ئازادی گیانیاندا!! دەزانن ئەوانە سەرکردەی ئەم مێژووەش بوون!! کوێی ئەم مێژووە نارەوایە وا ئێوە دەبێ پشتی لێبکەن!!؟ ئەم مێژووە بەغەیری دیفاع لەئینسانییەت و ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بەرابەری چیتربوون!! ئێستا حیزبی کۆمەڵە بۆ هەستانەوەی "خۆی"، پێویستی بەپشت لێکردنیانە. دەبێ بڵێن بەمجۆرە تێڕوانینەتان، ساغبوونەوەی کۆمەڵە دەبێ ئاکامەکانی چیبن؟ کە ئێوەی حیزبی کۆمەڵە گرتووتانە پێش!.
کاک بەهمەن لەبەر تووڕە بوون! تووشی فەرامۆشکاری بووە... دەمانباتە شەڕی حیزبی تر؟ بەچاوماندا دەداتەوە بۆ لە ئاست ئەوانەدا متەق ناکەین!!.دەزانێ لەئاست هیچ کام لە خەتا وهەڵەکان بێدەنگ ودەستەوەستان نەبووین..
کاک بەهمەن قسەی کۆنی دوژمنانمان بەچاودا دەداتەوە. کەتازە لەحیزبی کۆمەڵەدا بۆتە تیئۆری دژی نەیاران... دەڵێی: **«لە ئوروپا چیدەکەن، فێری شتی غەیرە واقعی دەبن، ئەگەر دڵتان بۆ کۆمەڵە دەسووتێ، وەرنە پێش... ئێوە لە واقعیاتی کوردستان بێخەبەرن... ئورپا تێکیداون...سەری کوردستان بدەنەوە و کادرە لاوەکان ببینن، کوردستان بناسنەوە...هتد....»**
ئەم تیئۆرییە تازە هاتۆتەوە سەرزمان.. حیزبی کۆمەڵە زیندویکردەوە!!؟ کە بوون لە ئوروپا زێهن و هۆشی ئەم کەسانەی تێکداوە... فێری قسەی قوت بوون ،مل بەقسە و نەسیحەتی ڕەهبەری نادەن...
هەموو دەزانن و لەی ادمانە، کە ئەم فکرە دواکەوتوو کۆنەپەرستانەیە، بیست وهەشت ساڵ لەمەوبەر بەزمانێکی تاڵتر، هەموو دواکەوتوانی کوردستان و حیزبی دێموکڕات، بە کۆمەڵەیان دەکوت..

هەموو باش لەبیریانە و لەحافزەی کەسدا پاک نەبۆتەوە، کە ڕۆژ نەبوو لە باسی سەر شەقام و ناو ئاواییەکان، ناو مزگەوتەکان، ماڵ بەماڵ و کۆڵان بەکۆڵانی کوردستان، لە کۆبوونەی ناوخەڵکی، حیزبی دیموکرات ولایەنگرەکانی ئەم حیزبە و کۆنەپەرستانی دژی ئازادی ناو کوردستان، بە کۆمەڵەیەکانیان دەکوت: **«ئاخ پۆلێک هەتیومەتیوی سەرڕووتی شاری.. دەمرووت و لەدنیا بێخەبەر...تەنیا هەر حەوشەی قوتابخانەیان دیووە، هیچ نەزان... دێنە مزگەوتەکان..هیچ لە دابوونەریتی کوردەواری نازانن... وڵاتیان تێکداوە!! ئیدعای نابەجێیان هەیە، ئەم ئازادی ئازادییەیان لەچییە،وڵاتیان شێواندوەو هەزار تۆمەتی تر!!»**

لەژێر ئەم ناوەدا ئایا کەم خوێنی کومونیستەکان، بەدەستی نەیارانیان ڕژا!! ئەوە ماوەیەکە لەلایەن حیزبی کۆمەڵەی کوردستانی ئێرانەوە، هەمان کۆمەڵەیەکان دراونە بەرهەمان تانەو تەشەری کۆن!!؟ بەڕاستی هۆی چییە حیزبی کۆمەڵە ئاوا دەدوێت؟؟ سەرکردایەتی ئەم حیزبە، بەناوی کۆمەڵە و لەسەر پرێنسیپەکانی کۆمەڵە، بەتەمایە بەردی بناغەی کام حیزبی کۆنەپەرست دامەزرێنێت دژی ئازادی خوازان؟ ئایا شۆڕشگێڕ و ڕووناکبیرانی کوردستان ئەوزەمان، کە دەمرووت و لەدنیا بێخەبەر بوون؟؟ هیچیان نەدەزانی، بەگژ کام دابوونەریتدا چوونەوە! لای کام حیزب و چ کەسانێک بوونە ئاژاوەگێڕ؟ دەستیان بۆ کام کاری نامرۆڤانە برد... کام بزووتنەوەی ڕادیکاڵیان تەستداوە.. هێرشیانکردە سەرکام گۆڤارو حیزب و ڕێکخراو، لەکوێ هاوڕێ و هاوبیرەکانی خۆیان دابەر تفەنگ و هەڕەشەی بەندکردنیان لێکردن!! ئەمرۆکە بۆچی پۆخڵی وەک ئەکبەری گەنجی بۆتە پاڵەوان و سەدان تێکۆشەری بەرەی ئازادیخواز، بوونە لەدنیا بێخەبەرو لەخۆگۆڕاو..

تیئۆری سەرکردەی بەرچاوتەنگ، بۆمانەوەی ئەبەدی خۆی و بەلارێدابردنی ڕاستی و بەرگری لەدەخالەتی هەمەلایەنەی جەماوەر، ئاوا فەزایەک دەخولقێنێت بۆ خۆی... پێویستی بەم جۆرە پروپاگەندانەیە، بۆئەوە هێزی ناهوشیاری خۆی دژی نەیارانی بووروژێنێت! چاو لەم مێژووە بکەن... تەنیا لەبابەکی خورەمدینەوە... نەک کۆنتر... هەرچی قسەی هەقیکرد، لەخەت لایداوە... سوورە و تێکدەرە... سوونەتەکان دەشێوێنن... دابوونەریت خراپدەکەن.. ڕافزی وپیسن... دەبێ سەریان پانکرێتەوە!

ئەمە پیشەی جەرەیانی زۆردار و داگیرکەر بووە... هەروەها حیزبی ناسیونالیست و کۆنەپەرست، لەسەر دواکەوتووی و نەخوێندەواری کۆمەڵگا دەژین و حاکمیەت دەکەن و کردویانە... ئەمجۆرە هێزە تەنیا لە کۆمەڵگای کۆن و خوڕافەدا، دەتوانن هێزکۆکەنەوەو دژی پێشکەوتوویی بجەنگن... سەری ئازادی ببرن و بەئاسانی پێش بەهەموو ڕادەربڕینێک بگرن... ئەم حیزب و سەرکردانە نان لەسەر حیسابی نەزانی دەخۆن و حاکمییەت دەکەن... سەردەبڕن و هەڵدەواسن... لەپاڵ ئەوەدا دەبێ شەجەرەنامەی بنەماڵەییان بۆبهۆننەوە... خەڵکی ساویلکەش چەح وپەحیان بۆبکەن!! چاو لە بزووتنەوە کوردییەکان بکەن، چاو لە ڕیزی سەرکردەی حیزبەکان بکەن... چاو لە مانەوەی مادامولعومری سەرکردە و دەسەڵاتیان بکەن... چاو لە پیلانگێران و کوشتن و ڕاوەدوونانی ناو ئەم حیزبانە بکەن... وادیارە حیزبی کۆمەڵەش لاسای ئەم ڕەوتە کۆن و داڕزیوە دەکاتەوە!!.

دەنا هۆی چییە دەترسێ لە بوونی کەسانێک لەدەرەوەی وڵات؟؟ کوا حیزبی مودێرن و کراوە وایە... خۆ برێک لە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی کۆمەلە، خوێندنی سیاسیان لە زانکۆو کۆلێجەکانی ئوروپا تەواوکردوە!! ئەی ئەم ترس ولەرزە بۆچییە؟؟ ئەیٔ ئەگەر ترس لەزانست و زانین نەبێت..بۆ؟!

**٢٠٠٨/ ٥/ ٧**

Bharami_51@hotmail.com